www.kurdistannet.org
18-2-2007 21:36 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

نۆتینگهام_بەریتانیا
sardarrrauchy@yahoo. co. uk

## رەنـــگی گـــریـــان ... سەردار راوچی

نـا. . وامەڵـێ. . !!
ئێوارەیەک دێمەوەلات
نەخشێک بۆ عومرێکی نوێ دەچنین
پەنجەرەکانی بچنەوە سەر ئەو بایانەی
سەفەری دوور، هەرگیز بێزاری نەکردوون.
دەرگاکانی بۆنەسیمی ئەو بەیانیە بکرێتەوە
کەبەتەنیشت چرۆکردنداو،
بەبەردەم گەورەبووندا. .
دەڕواتەوە بۆنەمری. . !!

نـا. . قەت وامەڵـێ!!
بەیانییێک هەوری خەونێک، بادەیهێنێ و. .
دەیبارێنێتە سەرلێوی ئەو باخچەیەی،
چاوەڕوانی
ئاوپرژێنی رۆحی بوە. . !!

باپەنجەرەکان کراوەبن. .
بەیانیەک سرووەیەک دێت
ئاوازێک بۆگەڕانەوەی خەونەکان
بۆ پێک گەیشتنی پەنجەکان
بۆچرۆکردنی گوڵەکان
رادەژەنـێ. . !

سەرسام مەبە. . گەر چوارساڵەو هەموو رۆژێک
لەگەڵ خۆم دەتهێنم دەتبەم
گەرچوارساڵەو هەموو رۆژێک. .
بەعاتیفەی گوڵی پشکوتوی هەنارێک، بانگت دەکەم
گەر چوارساڵەوهەموو رۆژێک. . هەمووساتێک
بەنیگای نەرمەبارانێک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێت دەڵێم:زۆر بیرت دەکەم. . !!؟

پێم وتی:
* (لێگەڕێ بامەغریب دابێت ئەوکاتەدێم) و نەهاتم
لێم ببورە. .
هەورێک لەرێگاتوشم هات
هێندەباری هێندەباری
تادڵمی پڕکرد لەگریان. .
ئیدی گریان بەری چاوانی لێڵ کردم. . !!
بەفرێک خۆیکرد بەماڵەتەنیایی یەکەمدا
گێڕانەوەو بەسەر هاتی بەفر باهرین تەواو نەبوو
تاقژمی تاڵ تاڵ سپی کرد. . !!
پێم وتی:
* (لێەڕێ بامەغریبدابێت ئەوکاتەدێم) و نەهاتم
لێم ببورە
گێژەنێک لەگەڵ خۆی بردم
رێی گەڕانەوەم بزرکرد،
خەونی بایەکی سەرەڕۆ
نەخشەی هەموو رێگاکانی لێ تێکەڵ وپێکەڵ کردم. . !!

نـا. . قەت وانەڵێی. . !؟
چوارساڵەو خەمی غوربەت لەدڵمدا سەوز دەبێ
کەچی ئەتۆ، ماڵی تەنیاییم چۆڵ ناکەی
رێگای دوورت. .
چنارەبەرزەکانی خەون و
سەرنجی گوڵە مێخەکی دیدارە.
چوار ساڵەو هەموو رۆژێک
لەپەنجەرەی خۆرهەڵاتەوەهەڵدێیت و
لەپەنجەرەی خۆرئاواوە خۆدەکەیتەوە بەماڵ دا
ئەدی. .
ئەوەنیە هەموو رۆژێک دەست دەکەیتەوەوبەگلەیی:
(دیسانەوە کتێبخانەکەت نارێکە. .
قەت رۆژێ سەری گسکێکت نەداڵەو خەمەپەرژانەو
تاپڕبەدڵ بلێم ئۆخەی) .
لەماڵەکە رادەمێنیت و پێم دەڵێی:
(ئاخ. . ئاخ لەرەنگی ژوورەکان. .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
18-2-2007 21:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

رەنگی ژوورەکان دەمکوژێ
نازانم زۆر هەر زۆر زۆرلەگریان دەچێ. . (!!) .
ڕۆژنامەکان دەکەیتەوە
دەبینی کەنیگایەکم بەدوای تۆدا لەسەفەرە،
سەیری هەواڵەکان دەکەی. . ئیمەیڵەکەم دەکەیتەوە
هەرئەدرێسی تۆی لەسەرە
ئیدی دەرگەی حەزێک بەرووی تۆدادەکرێتەوە
زەردەخەنەیەک دەت گرێ وهێمن هێمن دەبیتەوە
وەک روانینی پەڵەهەورێ لەجەنگەڵێ
یان هەڵمی چایەکی گەرم،
بەدیار خەیاڵی سەفەرێ
ئیدی ئارام دەبیتەوەو. .
سەر دەخەیتەوە سەر سینگم. . .
دادەچۆڕێیتەوەدڵم وخەو دەت گرێ. . !!؟.

نا. . قەت وامەڵێ. .
ئێوارەیەک دێمەوەلات
نەخشێک بۆ عومرێکی نوێ دەچنین
پەنجەرەکانی بچنەوەسەر ئەوبایانەی
سەفەری دوو، هەرگیز بێزاری نەکردوون.
دەرگاکانی بۆ نەسیمی ئەو بەیانیە بکرێتەوە
کەبەتەنیشت چرۆ کردنداو. .
بەبەردرم گەورەبووندا،
دەڕواتەوە بۆ نەمری. . !!.

* (ناو نیشانی شیعرێکی ترمە)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.